کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-10-2007 1:33

**شانۆیەکی چۆڵ ... ئارام حەمە**

سەفەر کردن لە دیوارەکانی وجودمان نزیك دەکاتەوە دەمان کات بە ژێر دەستەی هەوریکی یاخی لە هەمو هەورە دورەکانی ئەوی، ئەو دەمەی هەور دەبینم تنوك تنوك بە خەیاڵە قولەکانی خۆمدا ڕۆدەچم بیر لە یادگارییەکانی رابردوی خۆم دەکەمەوە ئەو دەمە هەست بە دۆراندی خۆم دەکەم پشو نادەم هەر بە قولاییەکاندا ڕۆدەچم لە دورەوە دەنگیی پیانۆیەکی حەزین لەناخی خۆمدا دەبیستم لەو دەمەدا خانمیکی رەشپۆش دەبینم سەما دەکات بەلەنجەو لار خوی بەم دیو ئەودیودا دەخات لەسەر شانۆیەکی سپی دێتو دەچێت شانۆیەك چۆڵ چۆڵ.....



ئای لەو کاتە پڕ نەهامەتیانەی رابردوو کە مشتیك خۆڵ بووم و هیچی دی ئەو دەمەی لەسەر گورستانەکان بەدوای شوناسی خۆمدا دەگەڕام لەچاوەکانی ئەودا زور شت دەبریسکانەوە ئەو هەر سەمای دەکرد و پرچی با دەدا بی باك لە روخانی دیوارە رقاوییەکانی ئەو بەسەر مندا ئەو زور تورەبوو زوریش بی بەرنامە سەمای دەکرد تا دواجار بەچوکدا کەوت و کرنوشی بۆ
خوداوەند برد تا بگەڕێتەوە بۆ کڵیساکانی زوو بۆ خودا پەرستیەکی بی وچان
ئەو لە گەمەی ووشەکانی من تی نەدەگەیشت دەنا هەرگیز بەو شانۆ چۆڵە ئاشنا نەبوو زور جاران پەرداخێك شەرابم بۆ دەبرد تا گوناهەکانی پی بشواتەوە.
من هەست بەدۆراندنی خۆم دەکەم بەلام دۆراندنیکی ئالتونی ئەوەتا ئەو لەسەر شانۆیەکی چۆڵ سەما دەکات منیش پیانۆژەنیکی حەزینم نازانم هەڵدانەوەی پەرەکانی رابردوو بۆچی هێندە پڕ ژانە؟
ئەودەمەی ئەو بەچۆکدا کەوت لەبەر غوبارو هەڵمێکی ساردی زەمهەریری نەم توانی دووبارە بیبینمەوە چونکە زور لەمێژبوو ئەو بە درگاکانی شانۆکەدا تی پەربوبو زور سامناکە لە شانۆیەکدا دانیشیت بەتەنها خوت بیت!
ئەو نەك من بەڵکو پیلاوەکانیشی بەجی هێشت دوو پێلاوی شەرابی جوان کە لەسەر رەفەی ژورەکەم دامناوە.
دوای رەوانەوەی تەم و غوبار هەوایەکی ساردم هەڵمژی شانۆ زور لە جاران چۆڵتربوو تەنها جۆلانەیەك و جووتیك پێلاو م دەبینی زۆر ترسام لە بەرز بونەوەی بۆ ئاسمان و هەلکیشانەوەی لەلایەن فریشتە کانی خوداوە چونکە ئەو لە نەوەی حۆرییەکان بوو...
بی دەنگتر لە ئەسپێکی سەرخۆشی خەواڵوی ماندوو بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتم بەرەو پیلاوەکان رۆیشتم و هەڵم گرتن و توند توند بە سنگمەوە نان بی دەنگ بی دەنگ لەسەر جۆلانەکە دانیشتم و دەنك دەنك فرمێسکی مرواری بەچاوەکانمدا دەهاتنەخوارو دەرژان بەسەر پێلاوەکاندا لەودەوەمەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەتا ئیستا بەدوای حۆرییەکدا دەگەریم نایدۆزمەوە. لەدەنگی بەرزی هەورەگرمە لەو خەیالاتە قولەم راچڵەکیم و لەژێر بارانە مرواریەکانی ئاسماندا تێرتێر گەڕام و بەگومان بووم لەو بارانە چونکە بەجوانیەکەیدا لە فرمیسکی خودا دەچوو.

شەوی 2007\9\12

سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.